# The Role of Kindergarten Educational in Cultivating Moral Values: Soran Kindergartens as an example

Chiman Mohmmed Salih Ahmed[1], Saied Qadir Faqe Ibrahim[2]
Sociology and Social Work, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region-Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.04*

*Published:1/12/2025*

## *Abstract*

*Abstract: This study aims to assess the extent to which moral values, namely discipline, altruism, and independence are cultivated in children, as well as to explore parents' perceptions of how these values are developed. Émile Durkheim's theoretical framework was applied to guide the analysis. A mixed-methods design was employed, combining quantitative and qualitative approaches. Data were collected through questionnaires and interviews; quantitative data were analyzed using SPSS and qualitative data were examined using thematic analysis. Results indicate that 78.0% to 92.7% of children consistently wash their hands and comply with kindergarten rules, suggesting that kindergartens play a significant role in fostering the moral value of discipline, with observable behavioral outcomes. In terms of altruism, children generally enjoy engaging in play, drawing, and interacting with peers; however, between 59.4% and 83.2% show limited tendencies toward selflessness. Regarding independence, 90.0% to 93.5% of children perform tasks autonomously and rely on themselves. Overall, survey findings indicate that these three moral values are meaningfully developed among children. However, parental perspectives reveal nuanced differences: for discipline, parents note that while children maintain hygiene, they often fail to tidy up after play. In relation to altruism, parents believe their children are reluctant to share belongings, reflecting self-interest. Concerning independence, parents perceive that their children frequently depend on them for daily activities, suggesting partial rather than full autonomy.*

***Keyword***: *Education, Kindergarten, Moral Values, Discipline, Altruism, Independence.*

# ڕۆڵی پەروەردەیی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان: باخچەکانی منداڵان لە سۆران بە نموونە

چیمەن محمد سالح

بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان-عێراق

chiman.salih@soran.edu.igv

پ.ی.د. سعید قادر فقی ابراهیم

بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان-عێراق

saied.faqeibrahim@soran.edu.iq

**پوخته:**

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی چاندنی بەهای ئەخلاقی (دیسیپلین، خۆنەویستی، سەربەخۆیی) تێڕوانینی باوان لەسەر چاندنی بەهای ئەخلاقی لە لای منداڵان. لەگەڵ ئەمەشدا تیۆری ئیمیل دۆرکهایم بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە بەکارهاتوە. هەروەها میتۆدی تێکەڵاو (Mixed methods) واتە میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان کە لە ڕێگەی پرسیارنامە و چاوپێکەوتن. شیکردنەوەی داتای چەندایەتی لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS) و داتای چۆنایەتیش (Thematic Analysis) شیکردنەوەیان بۆ کراوە. ئەنجامی بە دەستهاتوو ئەوە دەخاتەڕوو، کە (٧٨.٠٪ -٩٢.٧٪)ی منداڵان هەمیشە دەستیان دەشۆن و پابەندی یاساکانی باخچەن. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە باخچە توانیویەتی بەهای ئەخلاقی دیسپلین فێری منداڵان بکات، ئەو بەهایەش لە منداڵەکان ڕەنگیداوەتەوە. سەبارەت بە بەهای ئەخلاقیی خۆنەویستی منداڵان هەمیشە حەز دەکەن لەگەڵ هاوڕێکانیان یاری بکەن و وێنەبکێشن و تێکەڵبن لەگەڵیان، زۆربەی منداڵان لە نێوان (٥٩.٤٪ - ٨٣.٢٪) خۆپەرست نین. هەروەها (٩٠.٠٪-٩٣،٥٪)ی منداڵان هەمیشە سەربەخۆن و بەخۆیان کارەکانیان ئەنجامدەدەن و پشت بە خۆیان دەبەستن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە بەپێی ئەنجامی ڕاپرسیەکە ئەو تێگیشتنە لای منداڵان دروستبوە سەبارەت بەم سێ بەها ئەخلاقیەی سەرەوە، بەڵام ڕوانگەی باوان سەبارەت بە دیسپلین ئەوەیە کە هەمیشە منداڵان دەستەکانیان دەشۆن و گرنگی بە پاکوخاوێنی دەدەن،

بەڵام دوای یاریکردن یاریەکانیان کۆناکەنەوە. سەبارەت بە خۆنەویستی ئەوان ڕایان وایە کە منداڵەکانیان هیچ کات ئامادەنین شتەکانیان لەگەڵ کەس هاوبەشی پێبکەن واتە خۆویستن. هەرچی سەبارەت بە سەربەخۆییە ئەوان وای دەبین کە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانەیان هەمیشە پشت بە ئەوان دەبەستن واتە ناتوانن بێ باوانیان، سەربەخۆنین و پشت بەخۆیان نابەستن.

**وشە کلیلیەکان:** پەروەردە، باخچەی منداڵان، بەها ئەخلاقیەکان، دیسپلین، خۆنەویستی، سەربەخۆیی.

## تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

### ١.پێشەکی

بەها ئەخلاقیەکان یەکێکن لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، کە بە پێکهێنەری سەرەکیی کۆمەڵگە و کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت. بەهائەخلاقیەکان گرینگیەکی بێئەندازەیان هەیە بۆ تاک و کۆمەڵگە، چونکە کاریگەری بەرچاویان لەسەر کەسایەتی مرۆڤ و سەقامگیری کۆمەڵگە هەیە، بەتایبەت لەسەر ڕەفتاری و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان و پەیوەندی نێوان تاکەکان لە نێو کۆمەڵگەدا. تێگەیشتنی تاکەکان لە گرنگی مانایی بەهاکان بەگشتی و بەتایبەت بەها ئەخلاقیەکانی نێو کۆمەڵگەی خۆیان بەتایبەت لە تەمەنی منداڵیدا یارمەتیان دەدات کە پێناسەی ئەوە بکەن کە چ شتێک بۆ ئەوان مانادار و گرنگە. وێڕای ئەمەش بە ڕێکخستنی کردارەکانیان لەگەڵ بەهائەخلاقیەکان نێو کۆمەڵگەی خۆیان بۆ ئەوەی زیاتر کرداری ئەرینی ئەنجامبدەن دووربکەوەنەوە لە کرداری نەرێنی. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خۆشگوزەرانی و سەقامگیربوونی کۆمەڵگە. کاتێک منداڵان فێرە بەها ئەخلاقیەکان بە گشتی و بە تایبەت بەها ئەخلاقیەکانی وەک دیسپلین و خۆنەویستی و سەربەخۆیی دەبن. ئەوا لەم ڕێگەیەوە دەتوانن فێری ئەوە ببن کە پابەندبن بە ڕێسا و یاساکانی ژیانی ڕۆژانەیان و بەرپرسیارەتیی خۆیان بە خۆیان هەڵبگرن.

لێ لەگەڵ ئەمەشدا لە دوای خێزان باخچەی منداڵان وەک دامەزراوەیەکی گرنگی پەروەردە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان. منداڵانی تەمەن ٤ تا ٥ ساڵ

لە قۆناغێکی زۆر گرنگی گەشەسەندندان، چونکە لەم تەمەنەدا زۆر خێرا فێردەبن و بەشێکی گرنگی کەسایەتییان شێوە دەگرێت. لەبەر ئەوە پەروەردەی ئەخلاقی لەم قۆناغەدا گرنگیەکی ستراتیژی هەیە کە منداڵان دەتوانن لە ڕێگەی بەرنامەکانی خوێندن و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی وەک وێنەکێشان، گۆرانی، هۆنراوە، شانۆ، چیرۆک... هتد. بە شێوەیەکی چێژبەخش فێری بەها ئەخلاقیەکان ببن. بۆیە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدەدرێت جەخت لەسەر ڕۆڵی پەروەردەیی باخچەی منداڵان لە چاندنی سێ بەهای ئەخلاقی (دیسپلین، خۆنەویستی، سەربەخۆیی) بکرێتەوە.

**٢. کێشەی توێژینەوە**

لە سەردەمی ئێستادا، پەروەردەی منداڵان و چاندنی بەها ئەخلاقیەکان لە تەمەنێکی زووەوە یەکێکە لە گرنگترین بابەتە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیەکان. چونکە قۆناغی منداڵی لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەمە تەنها مەبەست لێی ئامادەکردن نیە بۆ داهاتوو، بەڵکو ئەوە ژیانی ئێستایەتی کە پێیدا تێپەڕدەبێت و دەبێتە بنچینەیەک بۆ داهاتووی. منداڵان لە باخچەی منداڵان دەتوانن باشترین کەسایەتی و توانای دەروونی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بدۆزنەوە یاخود دروستیبکەن، ئەمەش وایان لێدەکات باشتر بتوانن کەسایەتیی خۆیان بنیاتبنێن (الحضيف و الحمد، ٢٠٢١: ٢٢٢).

لەگەڵ ئەمەشدا، دەتوانین بڵێین یەکێک لەو دامەزراوە پەروەردەییانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان (دیسپلین، خۆنەویستی و سەربەخۆیی) هەیە بریتیە لە باخچەی منداڵان. ڕەنگە هەندێک جار منداڵان وەک پێویست نەتوانن فێری ئەو بەها ئەخلاقیانە بن و لەوانەیە پەروەردەی باخچەی منداڵان وەک پێویست نەبێت و ئەو جۆرە تێگیشتنەیان بۆ دروستنەکات کە لە مانای تێبگەن و ببێت بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان و هەتا بتوانن ئەو شتانە نەک هەر تەنها لە باخچەی منداڵان، لە ماڵەوەش جێبەجێ بکەن. هەر بۆیە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی شاری سۆران ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لەو کێشانەی کە لەناو منداڵانی باخچەکاندا هەیە کە نەتوانراوە وەک پێویست ئەو تێگیشتنە لای منداڵان سازبکات.

لە لایەکی ترەوە، تێڕوانین و چاوەڕوانی دایک و باوکان زۆرجار لەگەڵ ئامانجە سەرەکیەکانی باخچەی منداڵان ناگونجێت. زۆرینەی باوان زیاتر ئەولەویەت دەدەن بە فێربوونی ژمارەکان،

حەرفەکان و ئامادەکردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە، لە کاتێکدا کەمتر گرنگی دەدەن بە پەرەپێدانی لایەنی ئەخلاقی و کەسایەتیی منداڵەکانیان. لەم گۆشەنیگایەوە ئەم توێژینەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕۆڵی پەروەردەی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکانی (دیسپلین، خۆنەویستی و سەربەخۆیی) چەندە؟ و تێڕوانینی باوان بۆ ئەو پرسە چۆنە؟

### ٣. گرنگیی توێژینەوە

بێگومان هەموو توێژینەوەیەکی زانستی دەکرێت لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆی بایەخ و گرنگیی خۆی هەبێت. دەشێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیەش لە ئەنجامەکەیەوە سەرچاوەبگرێت. چونکە ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستن بە بابەتی ڕۆڵی پەروەردەی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکاندا لە ڕوانگە و تێڕوانینی باوانەوە دێتەکایەوە، ئەمەش لە زۆر بارودۆخدا یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی پەروەردەی باخچەی منداڵانی شاری سۆران بە فێربوونیان بە بەها ئەخلاقیەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە بتوانین هەموو ئەو کێشە و ئاستەنگانە دیاریبکەین کە ڕێگردەبن لەبەردەم بەکارهێنانی شێوازە سەرکەوتوەکانی چاندنی بەها ئەخلاقیەکان لە باخچەی منداڵاندا لە تێڕوانینی باوان، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ باشترکردنی ئەم پرۆسەیە و بەرزکردنەوەی کوالیتیی پەروەردە لە ئاستی یەکەمی فێرکردندا.

### ٤. ئامانجی توێژینەوە

زانینی ئاستی چاندنی بەهای ئەخلاقی (دیسیپلین، خۆنەویستی، سەربەخۆیی)، شیکردنەوەی تێڕوانینی باوان لای منداڵانی باخچەی منداڵان.

## تەوەرەی دووەم: چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە

### ١. بەها ئەخلاقیەکان

بەها ئەخلاقیەکان بریتین لەو بنەما و پرەنسیپە سەرەکیانەی کە یارمەتی تاک دەدەن چۆن بژیت و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆیدا بکات. واتە بە پێی بەها باوەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی ڕەفتاری تاکەکان ڕێکدەخات، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک بەهای تایبەت بە خۆی هەیە. وێڕای ئەمەش چاندن و گەشەپێدانی بەها ئەخلاقیەکان لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەدەییەکانی نێو کۆمەڵگە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان،

بە تایبەت باخچەی منداڵان کە لە ڕێگەیەوە تاک دەتوانێت فێری ببێت. فێربوونی منداڵ بە بەها ئەخلاقیەکان لە باخچەی منداڵان یارمەتی دەدات لە ناسین و زانینی ئەرکەکانی تایبەت بە خۆی و بەرانبەر بە کاسانی دیکەی نێو کۆمەڵگە (الحضيف والحماد، ٢٠٢١: ٢٢٦). وەک دیارە کە بەها ئەخلاقیەکان زۆر جۆریان هەیە، بەڵام ئەوەی کە لەم توێژینەوەی باسدەکرێت و پەیوەندیدارە بە بابەتی توێژینەوە بەهای ئەخلاقی (دیسپلین، خۆنەویستی، سەربەخۆیی)ە.

**٢. دیسپلین**

دیسپلین بریتیە لەوەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا فێری ئەوە ببێت کۆنترۆڵکردنی کردارەکانی خۆی بکات. واتە هەمیشە ناتوانێت هەر شتێک کە بیەوێت ئەنجامیبدات. وێڕای ئەمەش دیسپلین یارمەتی مرۆڤ دەدات فێربێت چۆن یاساکان جێبەجێبکات و بەرپرسیارانە مامەڵە بکەیت. بۆ نموونە منداڵێک کە بەهای ئەخلاقیی دیسپلینی لە کردەوەکانی ڕەنگیداوەتەوە ئەوە دەزانن کە پێویستە لە کاتی خۆیدا بچنە باخچەی منداڵان و ئەرکەکانی ماڵەوەیان ئەنجامبدەن... هتد هەمیشە ئەو کارانە ئەنجامدەدات و پابەند دەبێت پێیانەوە بێ ئەوەی کە ترسی باخچە و ماڵەوەی لەسەر بێت، بەڵکو پێویستە لەوە تێبگەن کە دیسپلین یارمەتیدەرە بۆ خۆیان و ئەوانی تر. کاتێک کەسێک دیسیپلینی هەبێت، دەتوانێت ژیانێکی باشتر بژی و لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕێکبکەوێت (Al-Shammari and Alhooli, 2009).

دەتوانین لە پێناسەیەکی ڕێکاریدا بڵێین کە بەهای ئەخلاقیی دیسپلین بە واتای ئەوە دێت کە منداڵ فێری ئەوە ببێت کۆنترۆڵی کردارەکانی خۆی بکات لە ژیانی ڕۆژانەیدا. هەروەها پابەندبێت بە ڕێسا و یاساکان و بەرپرسیاریەتیی خۆی هەڵبگرێت، کە ئەمەش نابێت لەبەر ترس بێت، بەڵکو لەوە تێبگات ئەوە گرنگە بۆ بەرژەوەندیی خۆی و کۆمەڵگە.

**٣. خۆنەویستی (وابەستەبوون)**

خۆنەویستی بریتیە لە پەروەکردن و فێرکردنی منداڵان بە ڕەفتاری میهرەبان و دڵسۆزی بۆ کەسانی تر، لەنێو منداڵانی باخچەی منداڵان لە ڕێگەی هاندانیان بۆ لەبەرچاوگرتنی پێداویستی و هەستی کەسانی دیکە و پەرەپێدانی هاوسۆزی، هاوبەشیکردن و بیرکردنەوە لە کەسانی دیکە و یارمەتیدانیان بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشتیان لێ بکەن (Pande, 2016: 68-69). ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت تێکەڵ بە منداڵانی تر بێت و هەست و سۆزی ئەوانیش لەبەرچاوبگرێت، نەوەک تەنها بیر لە خۆی و بەرژەوەندیی خۆی بکاتەوە و هەموو شتێکی هەر

بۆ خۆی بویێت. وێڕای ئەمەش دەکرێت منداڵان لە ڕێگەی چەند شێوازێکەوە فێری بەهای خۆنەویستی بکرێن. بۆ نموونە، دەکرێت مامۆستایان خۆیان نموونەی باش بن، دەرفەت بۆ هاوبەشیکردن و یارمەتیدان بڕەخسێنن، هاوسۆزی پەروەردە بکەن، یاخود کاتێک منداڵێک ڕەفتارێکی باش ئەنجامدەدات ستایشی بکەن، جگە لەمەش چیرۆک و یاری بەکاربهێنن بۆ چاندنی بەهای خۆنەویستی لای منداڵانی باخچەی منداڵان، ئەم شێوازانە یارمەتیی منداڵان دەدات بۆ ئەوەی خۆپەرست و بەرژەوەند خوازنەبن و بتوانن دۆستایەتی لەگەڵ منداڵانی تر دروست بکەن و تێکەڵی منداڵانی تر ببن (یاسمین طه إبراهیم، ٢٠١٩: ١٥٤-١٥٦).

پێناسەی ڕێکاری بۆ بەهای ئەخلاقیی خۆنەویستی (وابەستەبوون) بریتیە لە پەروەردەکردنی و فێرکردنی منداڵان بە میهرەبانی و دڵسۆزی بەرانبەر بە کەسانی تر، لە ڕێگەی فێرکردنیان بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستی و هەستی کەسانی دیکە و پەرەپێدانی هاوسۆزی و هاوبەشیکردن، و یارمەتیی کەسانی تر بدەن بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی پاداشت بکەن.

**٤. سەربەخۆیی**

سەربەخۆیی یەکێکە لە بەهای ئەخلاقیە بنەڕەتیەکان کە ڕۆڵێکی گرنگ لە پەرەسەندنی کەسایەتیی منداڵدا دەگێڕێت. ئەم بەهایە بە واتای ئەوە دێت کە منداڵ مافی ئازادی هەبێت و ئازاد بێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو ئازادیە زیان بە کەسانی تر نەگەیەنێت و ئازادیی کەسانی تر پێشێلنەکات. بە واتایەکی دیکە، بەهای سەربەخۆیی ئەوەیە کە منداڵ بتوانێت بۆ خۆی کارەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی ئەنجامبدات و پشت بە توانا و هێزی خۆی ببەستێ. وێڕای ئەمەش گرنگیی ئەم بەهایە ئەوەیە کاتێک منداڵ کارەکانی بۆ خۆی دەکات، شانازی بەخۆیەوە دەکات و زیاتر متمانەی بە خۆی و کارەکانی دەبێت لە ژیانیدا (Linkiewich et al., 2021).

پێناسەی ڕێکاری بۆ بەهای ئەخلاقی سەربەخۆیی بریتیە لەوەی کە منداڵ بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت لە ئەنجامدانی کارەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، توانای بڕیاردانی هەبێت، واتە بە شێوەیەکی گشتی مافی ئازادیی هەبێت، بەڵام بێ ئەوەی زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت.

**تەوەرەی سێیەم: پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو**

**١. پاشخانێکی مێژوویی لەسەر باخچەی منداڵان**

چەمکی باخچەی منداڵان(Kindergarten)کە لە دوو وشە پێکدێت، (Kinder) کە بە واتای منداڵ دێت بە زمانی ئەڵمانی و(Garten)یش بە واتای باخچە دێت، کە لە تەمەنی (٤بۆ٦) ساڵی دەستپێدەکات. باخچەی منداڵان[١] بۆ یەکەم جار لەلایەن فریدریش فرۆبیل Friedrich) (Froebel(١٧٨٢–١٨٥٢) لە ساڵی ١٨٣٧ لە شاری بلانکبێرگیa وڵاتی ئەڵمانیا یەکەم باخچەی منداڵانی دامەزراند. فرۆبێل فەیلەسوف و پەروەردکار و مامۆستایەکی پەروەردەیی بوو، باوەڕی وابوو منداڵان پێویستیان بە ژینگەیەکی گونجاو و تایبەت هەیە بۆ پێشخستنی تواناکانیان لە تەمەنێکی بچووکدا. ئەو وەک پێشەنگێکی بواری پەروەردەی منداڵان ناسراوە و هەندێک جاریش بە باوکی باخچەی منداڵان ناسراوە. هەر بۆیە فرۆبیل ناوی "باخچەی منداڵانی" هەڵبژارد. چونکە باوەڕی وابوو منداڵان وەک گوڵ وان و پێویستیان بە چاودێری و پەروەردەکردنی باش هەیە، هەر وەک چۆن گوڵەکان لە باخچەدا پەروەردەدەکرێن و چاودێری دەکرێن و گەشەدەکەن (Clifford and Bryant,1992:149). فرۆبێل لەژێر دەستی پەروەردکاری سویسری یۆهان هێنریش پێستالۆزی (Johann Heinrich Pestalozzi) خوێندوویەتی و بیرۆکەکانی ئەو زۆر کاریگەریان لەسەر فرۆبیل هەبووە. ناوبراو باوەڕی وابوو کە پەروەردە دەبێت لەسەر بنەمای سروشت بێت، مەبەستی ئەوەیە کە دەبێت ڕێز لە سروشتی منداڵ بگیرێت و بە زۆر هیچی بەسەردا نەسەپێنرێت. بۆ نموونە، منداڵ بە سروشتی خۆی حەزی لە جوڵە و یاریە، حەزدەکات ڕابکات، بازبدات، شت هەڵبگرێ، فڕێبدات و حەزی لە پرسیارکردن و دۆزینەوەی شتە نوێکانە، حەزی لە دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەیە کە خۆشیدەوێت. کەواتە باشترین شێوەی فێرکردنی منداڵ ئەوەیە، لە ڕێگەی یاری و چالاکیەوە فێری بکەین، ڕێگەی پێ بدەین پرسیار بکات و خۆی وەڵامەکان بدۆزێتەوە، و دەرفەتی دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەی پێ بدەین کە حەزی لێیەتی، نەک ئەوەی کۆمەڵێک زانیاری بە زۆر لەبەری بکەین. ئەو پێیوابوو دەکرێت لە ڕێگەی یاریکردنەوە منداڵ فێربکرێت. بۆ نموونە، فێری ژمارەکان یان حەرفەکان بکرێت (Sakr and Kaur, 2024). هەر بۆیە بیرۆکەکانی مامۆستاکەی و ژیانی منداڵیی فرۆبێل کە بەبێ ناز و سۆز و خۆشەویستی گەورە بووە لەلایەن خێزانەکەی کە ڕێگایان پێنەدەدا بە دڵی خۆی ئەو شتە بکات کەوا حەزی لێیەتی و یاریبکات، و لە قوتابخانەش بەهۆی ئەم سیستەمە ڕەق و وشکەی کە هەبوو، فرۆبیلی زۆر بێزار و گۆشەگیرکردبوو. ئەمانە بە گشتی و بە تایبەت بیرۆکەکانی

[١] (Kindergarten) ئەم چەمکە بە چەند شێوازێک وەرگێرانی بۆکراوە لە بەشێک لە سەرچاوەکان دەڵین باخچەی ساوایان، وە لە بەشێکی تریان بە باخچەی منداڵان وەرگێرانی بۆکراوە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت لێرەکاری لەسەر بکەین باخچەی منداڵانە کە لە تەمەنی(٤بۆ٦) ساڵی دەست پێدەکات. جیاوازە لە باخچەی ساوایان و باخچەی ساوایان قۆناغێکی ترە(Boyce,1969: 35-36)

مامۆستاکەی یارمەتیدەر بوونە بۆ ئەوەی باخچەی منداڵان دامەزرێنێت و ناوی لێ بنێت باخچەی منداڵان. چونکە فرۆبێل کاتێک باخچەی منداڵانی دامەزراند، مەنهەجەکەی لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی دامەزراند، کە گرنگترینیان یاریکردن و چالاکی بوو. بەرنامەکە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک یاریی ڕێکخراو کە پێیان دەوترا "دیاریەکانی فرۆبێل" کە بریتی بوون لە کۆمەڵێک تۆپی جیاواز لە ڕەنگ و شێوە، وەک تۆپ، کوپ، شێوە جیاوازەکان، وەک چوارگۆشە، لاکێشە، بازنە یان گۆ کە لە دار دروستکرابوون بۆ فێرکردنی چەمکە سەرەتایەکانی بیرکاری و زانست، هەروەها باخەوانی و چاندنی گوڵ و ڕووەک، گۆرانی و سروود، چیرۆک گێڕانەوە، وێنەکێشان، دروستکردنی شتی جوان بە کاغەز، یاریە جوڵەییەکان و چالاکیی گرووپی بۆ فێرکردنی کاری بە کۆمەڵ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەمانەش لەژێر چاودێریی مامۆستایەکی ڕاهێنراو ئەنجامدەدران. هەروەها لە ڕێگەی یاریە بە کۆمەڵەکانەوە منداڵان فێری هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری و سەبرگرتن دەکران، و گرنگی بە پەیوەندیی نێوان منداڵ و سروشت دەدا بۆ فێرکردنی ڕێزگرتن لە ژینگە. فرۆبیلیش وەک مامۆستاکەی باوەڕی وابوو کە پەروەردە تەنها فێرکردنی زانست نیە، بەڵکو پەروەردەکردنی کەسایەتی و فێرکردنی بە بەهای ئەخلاقی منداڵیشە گرنگە (Qosimov and Qayumov, 2023).

لە هەرێمی کوردستان، یەکەم باخچەی منداڵان لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری هەولێر کرایەوە بە ناوی باخچەی منداڵانی بەهار. کە بە شێوەیەکی گشتی سەرەتا باخچەی منداڵان لە شارە گەورەکان کرانەوە و باخچەکانیش حکومی بوون، پاشان وردەوردە لە شارە بچوکەکان و گوندەکانیش کرانەوە (ئاری ئاغۆک، ٢٠٢١: ١٧٣). هەروەها لە شاری سۆرانیش لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم باخچەی منداڵان کرایەوە بە ناوی باخچەی منداڵانی سەرکەوتن (ئاری ئاغۆک، ٢٠٢٢: ١٧٣).

**تەوەرەی چوارەم: تیۆری تویژینەوە**

دەیڤید ئیمیل دۆرکایم(David Émile Durkheim) لە ساڵی ١٨٥٨ لە فەرەنسا لەدایکبووە. ناوبراو خوێندنی لە پاریس تەواو کرد و بوو بە یەکەم مامۆستای زانستی کۆمەڵناسی لە فەرەنسا. وێڕای ئەمەش دۆرکایم لە بواری کۆمەڵناسیدا کاری لەسەر چەندین بابەتی گرنگ کردوە (محمود شارعپور، ٢٠٢٣: ٣٠-٣١).

لە ڕوانگەی ئیمیل دۆرکهایمەوە، بەهای ئەخلاقی بریتیە لەو پێوەر و بنەما کۆمەڵایەتیانەی کارلێکی نێوان تاکەکانی نێو کۆمەڵگە سازدەبێت، نەک شتێکی تاکەکەسی یان سروشتی یان تەنها بەرهەمی ئاین بێت. دەکرێت بڵێین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هەڵوێست و ڕەفتاری تاکەکانی نێو کۆمەڵگە. لەگەڵ ئەمەشدا نەک تەنها ڕێکخەری ڕەفتاری تاکەکانن، بەڵکو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیش بەهێز دەکەن. لە زۆر باردا بۆ پاراستنی سەقامگیری و یەکیەتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە گرنگن (ریمۆن ئارۆن، ٢٠١٢). بە واتایەکی تر، بەهاکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سەرەکییان هەیە، کە لە بنەڕەتدا، بەها ئەخلاقیەکان پەیوەندیەکی قوڵیان بە هەست و سۆز و دەروونی مرۆڤەوە هەیە کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر دەگۆڕێن. دەکرێت ئەوە بخرێتەڕوو کە خەسڵەتی گۆڕانیان هەیە و بەپێی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی بەردەوام لە گۆڕاندان و بۆماوەیی نین، بەڵکو لە ڕێگەی ژینگە و پەروەردەوە وەردەگیرێن (تیم دیلانی، ٢٠١٦).

دورکهایم وای دەبینێت کە ئەخلاق بریتیە لە سیستەمێکی گشتگیر لە قەدەغەکردنەکان، کە ئەو پێیوایە لە سێ توخم پێکهاتوە ئەوانیش بریتین لە دیسیپلین، سەربەخۆیی، وابەستەبوون(خۆنەویستی). ناوبراو وای دەبینێت ئەم بنەمایانە گرنگن و پێوستن بۆ پێکهێنانی کارەکتەری ئەخلاقیی بەهێز لە تاکدا و لە هەمان کاتدا گرینگن بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیش لەناو کۆمەڵگەدا (Lockwood, 1994: 2). ئەو کاتێک باس لە دیسپلین (Discipline) دەکات، وای دەبینێت، کە دیسپلین بریتیە لە سنووردارکردنی پاڵنەرە ئیگۆییەکان. بەو واتایەکی تر، دیسیپلین کاردەکات بۆ پەرەپێدانی خوەکان و دیاریکردنی ڕەفتاری تاکەکان لەگەڵ ئەمەشدا کۆنترۆڵکردن و چاککردنی ئارەزووی تاکەکەسی. هەر لەمەڕ دیسیپلین ئەو وای دەبینێت کە لە ڕێگەی دیسیپلینەوە تاک فێری ئەوە دەبێت کە پاڵنەرەکانیان سەرکوت بکەن و لە هەڵسوکەوتەکانیاندا یەکدەنگ بن. دەکرێت ئەوە بگوترێت کە دیسیپلین لە ڕێگەی دامەزراوەکانی پەروەردە بە گشتی و بە تایبەت باخچەی منداڵان دەتوانرێت پەرەپیبدرێت. وەک دیارە ئەو مەبەستی لە دیسیپلین تەنها ئەوە نیە، کە منداڵ لە ترسی سزا گوێڕایەڵ بێت، بەڵکو دیسپلین واتە فێربوون و ڕێکخستنی ڕەفتاری منداڵە لە پرۆسەی تێگەیشتن و ئاشنای خۆی بێت. بۆ نموونە، منداڵ کاتێک لە باخچەی منداڵان فێری ئەوە دەکرێت کە پۆلەکەی پاکڕابگرێت، ئەمە دەبێتە خوێکی جوان کە چێژی لێ دەبینێت. کەواتە دەتوانین بڵێین کە لە ڕوانگەی دورکهایمەوە دیسیپلین لە باخچەی منداڵانەوە دەستپێدەکات لە ڕێگەی یاسا و ڕێساکانەوە. کە منداڵ فێریان دەبێت بۆ

باشترکردنی ژیانی خۆی و ئەوانی تر. دەکرێت بگوترێت کە وردەوردە ئەم ڕێسایانە دەبنە بەشێک لە کەسایەتیی منداڵ دواتر لە کۆمەڵگەدا بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکات، نەک لە ترسی سزا، بەڵکو خۆی باوەڕی پێیەتی. بۆیە دۆرکهایم پێیوایە دیسپلین تەنها ناچارکردن و سزادان و کۆنترۆڵکردنی منداڵ نیە، بەڵکو فێربوونی ڕێکخستنی تاک و تێگەیشتنە لە گرنگیی یاساکان و چێژوەرگرتنە لە ژیانی ڕێخراو و قەدرزانینی پێکەوەژیانی کۆمەڵاتیە (Boote, 2002: 324-325).

یەکێکی تر لە توخمەکانی ئەخلاق لە ڕوانگەی دورکهایم بریتیە لە سەربەخۆیی (Autonomy) ئەو وای دەبینێت کە تاک پێوستە هۆشیاری هەبێت سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، کە ئەم هۆشیاریە سەربەخۆییە جۆرێک لە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی ئەخلاق و ڕەفتاری ئەخلاقی بۆ تاکەکان دابیندەکات. وێڕای ئەمەش ئەو دەڵێت پەروەردەی ئەخلاقی دەبێت سەربەخۆیی و تێگەیشتنی عەقڵانی بەرەو پێش ببات، لە باخچەی منداڵاندا، تەنها گوێڕایەڵیی ڕووکەش بەس نیە. پێویستە منداڵان تێبگەن بۆچی ڕەفتارە ئەخلاقیەکان گرنگن. بۆ نموونە، کاتێک منداڵێک بۆی ڕووندەبێتەوە کە هاوبەشیکردنی یاریەکان یان خواردن دڵخۆشی دەهێنێت بۆ هەموان، یان ڕێزگرتن لە هاوڕێکانی پەیوەندیی باشتر دروستدەکات، ئەوا لە ناخەوە قەناعەت بەو ڕەفتارانە دێنێت، نەک تەنها لەبەر ئەوەی پێی دەوترێت "ئەمە بکە" یان "ئەوە مەکە". ئەم تێگەیشتنە قووڵە وا دەکات کە ڕەفتارە ئەخلاقیەکان ببنە بەشێکی سروشتی لە کەسایەتیی منداڵەکە، لەبری ئەوەی تەنها کرداری میکانیکی بێت کە بەبێ بیرکردنەوە ئەنجامی دەدات (Lockwood, 1994: 2–3).

توخمێکی تری ئەخلاقی لە دیدی دۆرکهایم بریتیە لە خۆنەویستی یان وابەستەبوون (Attachment)، دیارە ئەو وای دەبینێت کە ژیانی ئەخلاقی لەو شوێنە دەستپێدەکات کە ژیانی بە کۆمەڵی هەیە. بۆیە تاکەکان لە ڕێگەی وابەستەبوون بە گرووپەکانەوە دەگەنە هۆشیاریەکی ئەخلاقی، کە تێیدا بەرژەوەندیەک بۆ گەڕان بە دوای دادپەروەری و ڕێگریکردن لە ئازارەکان پەرەپێدەدەن. دەکرێت باخچەی منداڵان کاربکەن بۆ ئەوەی تاک  بە گرووپە کۆمەڵایەتیەکان ببەستێتەوە بە جۆرێک کە بتوانن بەها ئەخلاقیەکان فێربن. ناوبراو باسی لەوەش کردوە، کە پەروەردەی ئەخلاقی زۆر قووڵترە لە فێرکردنی چەند ڕێسایەک. پێویستە منداڵان هەست بکەن بەشێکن لە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر و دەتوانن ڕۆڵی ئەرێنییان تێدا هەبێت (Boote, 2002: 325–326).

## تەوەرەی پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو

لەم تەوەردەدا هەوڵدەدەدرێت توێژینەوەکانی پێشوو بخرێنەڕوو.

توێژینەوەی الضیف و الحماد(٢٠٢١) بە ناونیشانی (دورریاض األطفال یف غرس القین األخالقیة هن خالل اللعب الرتبوي هن وجهة نظر املعلوات یف هنطقة القصین التعلیویة). ئەم توێژینەوەیە ئامانجی تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕۆڵی باخچەی منداڵانە لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکانی (وەک دیسیپلین، ڕاستگۆیی، ڕێزگرتن، پاکوخاوێنی و هاوکاری) لە ڕێگەی یاریە پەروەردەییەکانەوە. بە پشتبەستن بە  تیۆری گەشەکردنی مەعریفی ژان پیاژێ، تیۆری فێربوونی ڕەفتاری فریدریش سکینەریش زیاتر جەخت دەکاتە سەر گرنگیی هاندان بۆ منداڵان. وێڕای ئەمەش تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەلبێرت باندورا کە ڕۆڵی چاودێریکردن و لاساییکردنەوە لە فێربوونی بەهاکاندا دەخاتەڕوو. میتۆدی بەکارهاتووش لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە  چەندایەتی و چۆنایتی، ئامرازی کۆکردنەوەی داتاش پرسیارنامە و چاوپێکەوتنی نیمچەڕێخراو بوو. نموونەی توێژینەوەش ٤١٢ مامۆستای باخچەی منداڵان، داتاکان لە ڕێگەی بەرنامەی SPSS شیکردنەوەیان بۆ کراوە. ئەنجامەکەی ئەوە دەردەخات کە یاریە پەروەردەییەکان لە باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان. کە پلەی پەسەندکردنی مامۆستایان بۆ ئەم ڕۆڵە بەرز بوو، کە گەیشتە ڕێژەی تێکڕای ٧٩.٣٪. هەروەها ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستوە  کە گرنگترین ئەو بەهایانەی لە ڕێگەی یاریەوە دەچێنرێن بریتین لە دیسیپلین، ڕاستگۆیی و هاوکاریکردن، لە کاتێکدا بەهاکانی تری وەک پاکوخاوێنی و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە لە پلەیەکی مامناوەندیدا بوون.

توێژینەوەی Rukiyati, Siswoyo and Hendrowibowo (2020)بە ناونیشانی ( Moral education of kindergarten children in rural areas: a case study in Indonesia). باس لە گرنگیی چیرۆک گێڕانەوە دەکات، بەڵام بە شێوازێکی هەندێک جیاوازتر واتە باسی شێوازی تری فێربوونی منداڵان دەکەن بە بەها ئەخلاقیەکان. بە گشتی ئەم توێژینەویە ئامانجی  دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی بەها ئەخلاقیە سەرەکیەکانە لە باخچەی منداڵان، وەک ئایینداری، سوپاسگوزاری، سەربەخۆیی، ڕاستگۆیی، دیسیپلین و لێبوردەیی، هەروەها شیکردنەوەی شێوازەکانی فێرکردنی ئەم بەهایانە لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک، ڕۆڵ مۆدێلکردن، خووگرتن و بەکارهێنانی شانۆ و دراما. لە هەمان کاتدا، باس  لە  گرنگیی پەروەردەی ئەخلاقی لە سەرەتای منداڵیدا و ڕۆڵی هەماهەنگیی نێوان مامۆستایان، دایک و باوکان و کۆمەڵگا لە پەروەردەکردنی کارەکتەرێکی ئەخلاقیی بەهێز دەکات. بە پشتبستن بە تیۆری  لیکۆنا. هەروەها میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوش، چاوپێکەوتن لەگەڵ ١٤٠

مامۆستای باخچەی منداڵان ئەنجامدراوە، هەروەها تێبینیکردنیش لە کارلێکی مامۆستایان و منداڵان بەکارهاتوە. لە ئەنجامدا زۆربەی منداڵان گەشەسەندنی ئەخلاقیی بەرچاویان نیشانداوە، بە تایبەتی لە سەربەخۆیی و دیسیپلین و متمانەبەخۆبوون. بەڵام هەندێک ئاستەنگ هەبوون، وەک نەبوونی بەردەوامی لە پەروەردەی ئەخلاقی دوای گواستنەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، کەمیی بەشداری باوان.

تویژینەوەی Rahim and Rahiem (2012) بە ناونیشانی ( The use of stories as moral education for young children). ئامانج لەم تویژینەوەیە بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی چیرۆک گێڕانەوە لە گواستنەوەی بەها ئەخلاقیەکان بۆ منداڵانی بچووک، و تێگەیشتن لەوەی کە مامۆستایان چۆن چیرۆک گێڕانەوە بەکاردەهێنن بۆ چاندنی بەهای ئەخلاقی لە منداڵاندا. هەروەها، دەستنیشانی ئەو ئاڵنگاریانەش دەکات کە ڕووبەڕووی پەروەردەکاران دەبنەوە لە بەکارهێنانی چیرۆک گێڕانەوە وەک ئامرازێک بۆ فێرکردنی و تێگەیشتنی منداڵان لە چەمکە ئەخلاقیەکان و فێربوونیان بە بەهای ئەخلاقی. بە پشتبەستن بە تیۆری ژان پیاژێ و کۆلبێرگ کە بە شێوەیەکی گشتی هەردوو تیۆریەکە پێیانوایە کە گەشەسەندنی ئەخلاقی بە شێوەیەکی پلەبەپلە و قۆناغبەقۆناغ ڕوودەدات، کە لە شێوەیەکی سادەوە دەستپێدەکات و پاشان بەرەو ئاڵۆزی و سەربەخۆیی دەڕوات. هەروەها میتۆدی چۆنایەتی بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانیش، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایان ئەنجامدراوە و تێبینکردنیش بۆ منداڵان و مامۆستایانیش بەکارهاتوە. ئەنجامی تویژینەوەکەش  ئەوە دەردەخات کە چیرۆک لە هەندێک باخچەی منداڵان وەکو ئامرازێکی کەم بەکارهاتوە تەنانەت لە هندێک باخچەی منداڵان کتێبی چیرۆکیشیان نەبووە. بەڵام لەو باخچانەی کە چیرۆک گێڕانەوەیان تێدا جێبەجێکراوە وەکو ئامرازێک بۆ فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان، منداڵان بەشداریکردن و هاوسۆزی و تێگەیشتنی زیاتریان لە چەمکەکانی بەها ئەخلاقیەکان نیشانداوە.

**تەوەرەی شەشەم: میتۆدۆلۆژیای تویژینەوە**

**١.میتۆد**

لەم تویژینەوەیە سوود لە میتۆدی تێکەڵاو وەرگیراوە بۆ پرسی ڕۆڵی پەروەردەی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان لە باخچەی منداڵان. هەڵبەت ڕوونە کە میتۆدی تێکەڵاو

میتۆدێکی توێژینەوەیە کە توێژەر/ توێژەران بەکاریدەهێن بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە سەر پرسەکان. وێڕای ئەمەش میتۆدی تێکەڵاو لە میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی پێکهاتوە، کە لە میتۆدی چەندایەتی تەرکیزی لەسەر دەربڕینە ئامارییەکان، ژمارەییەکان...هتد هەرچەندە لە میتۆدی چۆنایەتی تەرکیزی لەسەر وەسف و وشەیە کە یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی خەڵک (Creswell, 2014: 23).

**٢. کۆکردنەوەی داتا**

بۆ کۆکردنەوەی داتای چەندایەتی پرسیارنامە بەکارهاتوە، هەڵبەت پرسیارنامە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریە کە لە کۆمەڵێک پرسیار پێکدێت، هەروەها توێژەر/ توێژەران بەکاریدەهێنن. وێڕای ئەمەش ڕێگای جۆراوجۆر بۆ دابەشکردنی پرسیارنامە بەسەر نموونەی توێژینەوە (Rana, Oldroyd and Gutierrez, 2021:2). لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بە شێوەی مەیدانی سەردانی باخچەی منداڵانیان کردوە و فۆڕمەکانیان دابەشکردوە لە ٢٠٢٥/٥/٥ تاکو ٢٠٢٥/٦/١.

پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە لە دوو بوار پێکهاتوە؛ بواری یەکەم زانیاریە گشتیەکان لەخۆدەگرێت کە لە شەش بڕگە پێکدێت. بواری دووەم پێکدێت، لە دیسپلین ٤ بڕگە، خۆنەویستی لە ٦ بڕگە، سەربەخۆیی ٤ بڕگەیە کە کۆی گشتیان دەکاتە(١٤) بڕگە. کۆمەڵگەی توێژینەوە باخچە حکومی و ناحکومیەکانی شاری سۆرانە. نموونەی توێژینەوە بریتیە لە ١٢ باخچەی منداڵان کە لە ٦ باخچەی حکومی و ٦ باخچەی ناحکومی لە کۆی ٢٤ باخچە پێکهاتوە لە شاری سۆران، کە بە شێوەی تیروپشک دەستنیشانکراون. قەبارەی نموونەی توێژینەوە لە ٦٤١ منداڵ پێکهاتوە (سەیری خشتەی ژمارە ١ بکە). هەروەها جۆری نموونەی توێژینەوەی بۆ میتۆدی چەندایەتی بریتیە لە نموونەی ئەگەری- هەرەمەکی هێشوویی(Cluster Random Sample).

| خشتەی ژمارە (١): کۆمەڵگەی توێژینەوە | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | ناوی باخچەکان | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابی وەرگیراو بە ئاستی باوەڕی ٩٥٪ |
| ١ | باخچەی منداڵانی ئایندە | ٨٤ قوتابی | ٧٠فۆرم |
| ٢ | باخچەی منداڵانی باپشتیان | ٤٦ قوتابی | ٤٢ فۆرم |
| ٣ | باخچەی منداڵانی دیلزیان | ٧٥ قوتابی | ٦٣ فۆرم |
| ٤ | باخچەی منداڵانی ڤینا | ١٩٥ قوتابی | ١٣٠ فۆرم |
| ٥ | باخچەی منداڵانی ژین | ١٠٧ قوتابی | ٨٤ فۆرم |
| ٦ | باخچەی منداڵانی بادلیان | ٢٣ قوتابی | ٢٢ فۆرم |
| ٧ | باخچەی منداڵانی گوڵستان ناحکومی | ٢٥ قوتابی | ٢٣ فۆرم |
| ٨ | باخچەی منداڵانی دیبە ی ناحکومی | ٢٥ قوتابی | ٢٣ فۆرم |
| ٩ | باخچەی منداڵانی ئیشقی سۆراتی ناحکومی نێودەوڵەتی | ٣٤ قوتابی | ٣٢ فۆرم |
| ١٠ | باخچەی منداڵانی دایک ی ناحکومی | ٣٤ قوتابی | ٣٢ فۆرم |
| ١١ | باخچەی منداڵانی ئەستێرەکان ی ناحکومی | ٨٧ قوتابی | ٧٢ فۆرم |
| ١٢ | باخچەی منداڵانی سلیڤانای ناحکومی | ٣٠ قوتابی | ٢٨ فۆرم |
| | **کۆی گشتی** | **٧٨٥ قوتابی** | **٦٤١ فۆرم** |

توێژەر ڕاستگۆی بۆ کۆی پێوەرەکە واتە پرسیارەکانی دەرهێناوە، پێش ئەوەی کە ئاڕاستەی نموونەی توێژینەوە بکرێت. هەروەها توێژەر پرسیارەکانی بەسەر(١٥) پسپۆڕ دابەشکرد. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١). کە هەر یەکێکیان پسپۆڕییان لە بواری جیاواز و لە زانکۆ جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون. سەرجەم تێبینی و سەرنج و پێشنیازەکانی پسپۆڕانی بەهەند وەرگرت و چاککردنی بڕگەکانی ئەنجامداوە، کە دەرکەوت پلەی ڕاستگۆیی دەکاتە (92.95%).

سەبارەت بە جێگیری(Reliability) کە یەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتی و گرنگەکان لە هەر توێژینەوەیەکدا. لەم توێژینەوەیەشدا توێژەر سوودی لە (Cronbach's Alpha) ئەلفا کرۆنباخ وەرگرتوە، بۆ مەبەستی دەرهێنانی جێگری. ئەم ڕێگەیە پیشانماندەدات کە ئایا هەموو پرسیارەکانمان یەک شت دەپێون یان نا. نمرەی ئەلفا کرۆمباخ هەمیشە لە نێوان(0-1) دایە. بۆ

نموونە، ئەگەر نمرەکە نزیک (1)بێت، واتە پرسیارەکانمان باشن و هەمان شت دەپێون. بەڵام ئەگەر نزیک (0) بێت، واتە پرسیارەکانمان باش نین و هەریەکەیان شتێکی جیاواز دەپێوێت(Sürücü and Maslakçı, 2020:20-24). لە خشتەی ژمارە (٢) دا جێگیری بۆ هەموو بوارەکانی ناو پرسیارنامەکە دەرهێندراوە، بواری یەکەم دیسپلین کە لە (٤) بڕگە پێکدێت، نرخی جێگیری (٨٩٣.)، بواری دووەم خۆنەویستی کە لە (٦) بڕگە پێکدێت، نرخی جێگیری(٨٦٨.)، بواری کۆتایی سەربەخۆیی کە لە (٤) بڕگە پێکدێت، نرخی جێگیری دەکاتە (٩٣٢.).

| Reliability Statistics: خشتەی ژمارە (٢) | | |
|---|---|---|
| بوارەکان | Cronbach's Alpha | N of Items |
| دیسپلین | .893 | 4 |
| خۆنەویستی | .868 | 6 |
| سەربەخۆی | .932 | 4 |

کەواتە دەتوانین بڵێین کە بەپێی ئەنجامەکانی ئالفا کرۆمباخ، هەموو بوارەکانی پرسیارنامەکە نرخی جێگیری قبووڵکراویان بەدەستهێناوە کە لە (0.٧٠) بەرزترە. ئەم نرخانە دەیسەلمێنن کە پرسیارنامەکە توانای پێوانی دروست و جێگیری هەیە، چونکە لە زانستی پێوانەدا هەر کاتێک نرخی ئالفا کرۆمباخ لە (0.٧٠) زیاتر بێت، واتە ئامرازی پێوانەکە جێگیری ناوەکیی باشی هەیە (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٥٦).

لە لایەکی تریشەوە، بۆ میتۆدی چۆنایەتی، توێژەر چاوپێکەوتنی نیمچەڕێخراو وەک ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان بەکارهاێناوە. تایبەتمەندیی ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە خەسڵەتی چاوپێکەوتنی کراوە و داخراو لەخۆدەگرێت. لەم جۆرەیاندا توێژەر پێشوەختە کۆمەڵە پرسیارێک ئامادەدەکات لەسەر بابەتەکەی، بەڵام دەتوانێت لە کاتی چاوپێکەوتنەکەشدا پرسیاری تریش ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکەی بکات یاخود ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر پرسیارەکان بدات، بێگومان بەو شێوەی کە توێژەر بە باش و گونجاوی دەزانێت. بەڵام بەو مەرجەی، دەبێت پرسیارەکان لە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەدا بن (طاهر حسۆ زێباری، ٢٠١٨: ١٨١-١٨٢). وێڕای ئەمەش، نموونەی توێژینەوە بۆ میتۆدی چۆنایەتی نموونەی نا ئەگەری- نا هەرەمەکی مەبەستدارە(Purposive Sampling).

لە هەنگاوی دواتر لە کۆی ٢٤ باخچە ١٢ باخچە بە شێوەی تیروپشک ڕاکێشراون، پاشان ٦ باخچە تیروپشکیان بۆ کراوە و لێتوێژراوان بە شێوەی مەبەستدارنە هەڵبژێردراون و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە. کە (٦) باوان بوون، چاوپێکەوتنەکان لە ٢٠٢٥/٥/٥ تاکو ٢٠٢٥/٦/٣٠. سەبارەت بە ماوەی هەر چاوپێکەوتنێک لە نێوان (٣٥-٦٠) خولەک بووە، کە بەشێک لە چاوپێکەوتنەکان ڕووبەڕوو ئەنجامدراون و بەشێکیشیان لە ڕێگەی ئۆنلاین ئەنجامدراون و لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەنگەکان ڕیکۆردکراون.

**٣.شیکردنەوەی داتاکان**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی داتای چەندایەتی بەرنامەی SPSS ڤێرژنی ٢٢ بەکارهاتوە، بەرنامەی SPSS یەکێکە لەو بەرنامە ئامارییانەی کە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاردەهێندرێت. هەروەها توێژەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیە کە توانای جۆراوجۆری هەیە بۆ شیکردنەوەی داتا چەندایەتیەکان بە شێوەی بازنە، خشتە، گراف... هتد بەکاریبهێنێت بۆ شیکردنەوەی داتاکان (Hazarika, 2019: 2-3). بۆیە لەم توێژینەوەیەدا دوای ئەوەی مامۆستاکان پرسیارەکانی ناو پرسیارنامەکەیان وەڵامدانەوە کە هەر فۆرمێکیان تایبەتبوو بە منداڵێک کە ژمارەیان (٦٤١) فۆرم بوو، ئینجا بۆ ئەوەی کە ناوی منداڵەکان دەرنەکەوێت و پارێزراوبێت پێداچوونەوە بە هەموو فۆرمەکان کراوە لە لایەن توێژەر، پاشان بۆ هەر فۆرمێک ژمارە داندراوە بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک و هەڵدراوە کە تەماشای یەک بە یەکی پرسیارەکان بکرێت بۆ ئەوەی دڵنیاببینەوە کە هیچ یەکێک لە پرسیارەکان بە هەڵە پڕنەکرابێتەوە و لەبیرنەکرابن. بۆ ئەوەی لەکاتی بەتاڵکردنی فۆرمەکان دووچاری کێشەنەبین.

هەڵبەت بە مەبەستی شیکردنەوەی داتا چۆنایتیەکانیش شیکاریی بابەتی بەکارهێندراوە، شیکاری بابەتی شێوازێکە بۆ شیکردنەوەی داتا لە میتۆدی چۆنایەتی بەکاردەهێندرێت. هەروەها توێژەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت لەناو چاوپێکەوتنەکان بابەتە گرنگەکان بدۆزێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کەسێک ئەنجامدابێت، ئەمە ڕێگایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانینی قووڵ لە ئەزموون و دیدگای لێتوێژراوەکان. بێگومان ئەوەش بە خوێندنەوە و دووبارە خوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکان بۆ ئاشنابوونی زیاتری توێژەر بە ئاڵۆزی و وردیی قسەی لێتوێژراوان. لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیە لە هەر چاوپێکەوتنێکدا کۆد دادەندرێت و دواتر هەموو کۆدە هاوشێوەکان کۆدەکەیەنەوە بۆ تەوەرەیەکی بەرفراوانتر(Vaismoradi et al., 2016 ).

### ٤.ئیتیکی توێژینەوە

لە هەر توێژینەوەیەکدا، توێژەر پێوستە چەند بنەمایەکی گرنگی ئەخلاقی جێبەجێبکات کە پەیوەندیدارن بە پارێزگاری لە بەشداربوان و دڵنیایی بکاتەوە کە ئەو زانیاریانەی لێ وەردەگیرێن تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە و زانستیە، واتە پێوستە ئامانجی خۆی بە تەواوتی ڕوونبکاتەوە، بۆ نموونەی توێژینەوەکەی (Neuman, 2014: 145). بۆیە لەم توێژینەوەیەشدا سەرەتا ڕەزامەندی لە بەشداربوان وەرگیراوە ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە هەموو زانیاریەکانی ناو پەڕەی زانیاریەکانی بەشداربووی بینیوە و خوێندویەتەوە پاشان دووبارە پێش دەستپێکردن بە چاوپێکەوتن بۆ نموونەی توێژینەوەکە دووبارەکراونەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابێت کە زانیاریەکان بۆ مەبەستی زانستیە. پاشان فۆڕمی قایلبوونی (ڕەزامەندی) بەشداربووش لە لایەن لێتوێژراوەوە پڕکراوەتەوە و ڕازی بووە دواتر چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدراوە. زیاتر لەمەش، بۆ ئەو مامۆستا و بەڕێوبەرانەش ڕوونکراوەتەوە کە نە ناوی منداڵەکان نە ناوی مامۆستاکان لەناو توێژینەوە دەرناکەوێت، لە شوێنی ناوی ئەوان ناوی خوازراو یان کۆدی تایبەتی بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی بەشداربوان پارێزراو بێت. جگە لەمانەش، هەموو ئەو زانیاریانەی کە وەرگیراون، ئاماژە بە سەرچاوەکەی کراوە. هەروەها توێژەر بە بەرپرسیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکە کردوە و هەوڵیداوە بە شێوەیەکی بابەتی و هەستیار کارەکە ئەنجامبدات. ئەم ڕێکارانە دڵنیایی ئەوە دەکەن کە توێژینەوە بە شێوەیەکی ئەخلاقی و پیشەیی ئەنجامبدرێت و مافی بەشداربوان پارێزراو بێت.

### تەوەرەی حەفتەم: ئەنجام و گفتوگۆ

### ڕۆڵی پەروەردەی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان (دیسپلین، خۆنەویستی و سەربەخۆیی) و تێڕوانین چاوەڕوانی باوان لەمەڕ ئەو پرسە

پەروەردەی باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە داڕشتنی بەها ئەخلاقیەکانی منداڵان بە ئاشناکردنی بە دیسیپلین، خۆنەویستی و سەربەخۆیی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کارلێکی کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە چۆنیەتیی قسەکردن، یاریکردن و کارکردنی منداڵان لەگەڵ یەکتر... هتد دەبینێتەوە. وێڕای ئەمەش لەم قۆناغە سەرەتاییەدا منداڵان فێردەبن ڕێز لە یاساکان بگرن و متمانەیان بەخۆیان پەرەپێبدەن و دەست دەکەن بە بڕیاردانی سادە لەسەر خۆیان. زۆرجار دایک و باوک چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە باخچەی منداڵان پشتگیریی ئەم بەهایانە بکەن، کە تەواوکەری

ئەو ڕێنماییە ئەخلاقیەیە کە لەماڵەوە پێشکەشی منداڵەکە دەکرێن. دەکرێت بڵێین بەهای ئەخلاقی جۆراوجۆرن، بەڵام لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدرێت لەسەر بنەمای ئەنجامی بەدەستهاتوو گفتوگۆ لەسەر بەها ئەخلاقیەکانی (دیسپلین، خۆنەویستی و سەربەخۆیی) بکرێت.

### دیسپلین وەک بەهایەکی ئەخلاقی:

بۆ زانینی ئاستی بەهای دیسپلین یاخود ڕێکوپێکی لای منداڵان لەم توێژینەوەیدا تاقیکردنەوەی (One Sample T.Test ) بەکارهاتوە، کە نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (641) لە ئەنجامدا وەک دیارە کە ناوەندی ژمێرەیی(2.8046) بە لادانی پێوەری(٠.٣٣١٢٢) و (ناوەندی گریمانەیی= 8). هەروەها نمرەی ئازاد (640). (ت= -٣٩٧.١٢٤، 0.00<0.05 =*P-Value*) هەروەها بەهای (*P-Value*= 0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە(0.05)، کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بەهای ئەخلاقیی دیسپلین لای منداڵان هەیە. یاخود بە شێوەیەکی کرداری بەڵگەداری ئاماری لای نموونەی توێژینەوەکە هەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە(3 و 4 ).

| تاقیکردنەوەی خشتەی(3) تاقیکردنەوەی (One Sample T.Test) بۆ یەک نموونەی توێژینەوە. بۆ زانینی دیسپلین وەک بەهایەکی ئەخلاقی لای منداڵان. | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی گریمانەیی= 8 | | | | | |
| Sig. (2-talled) | نمرەی ئازاد | ت | لادانی پێوەری | ناوەند | قەبارەی نموونە |
| .000 | 640 | -397.124 | .33122 | 2.8046 | 641 |

| خشتەی ژمارە(4): دیسپلین وەک بەهایەکی ئەخلاقی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بڕگەکان | هەرگیز | هەندێک جار | هەمیشە | ناوەندی ژمێریی |
| دوای تەواوبوونی یاریکردن یاریەکانی کۆدەکاتەوە و لە شوێنی خۆیان دایاندەنێتەوە. | 1.2 | 20.7 | 78.0 | 2.7676 |
| پێش نان خواردن لە باخچە دەستەکانی دەشوا. | 1.9 | 19.2 | 78.9 | 2.7707 |
| کاتێک کە لە توالێت دێتە دەرەوە دەستەکانی بە ئاو و سابون دەشوا. | 1.1 | 6.2 | 92.7 | 2.9158 |
| بە ئارامی لە ڕیز دەوەستێت کاتێک سواری پاس دەبێ و دەچێتەوە بۆ ماڵەوە. | 3.0 | 17.6 | 79.4 | 2.7644 |

ئەوەی کە لە ئەنجامی داتای چەندایەتی دیارە بەهای ئەخلاقیی دیسپلین لە لای منداڵانی باخچە بە شێوەیەکی بەرچاو زۆرباشە. بێگومان ئەو تەوەرەی کە لە پرسیارنامەکە تایبەتکرابوو بە بەهای دیسپلین لە کۆمەڵە برگەیەک پێکهاتبوو، کە لە بەشی وەڵامی بەشداربووان دەرکەوتوە زۆربەی وەڵامەکان هەمیشە و هەندێک جاریان دەستنیشان کردوە (بڕوانە خشتەی ژمارە 4). بەڵام وەک دیارە کە هەندێک برگە ڕێژەکەی زیاتر لە هەندێکی تر بۆ نموونە، ئەو برگانەی باس لەوە دەکەن، منداڵان لە پێش نان خواردن ٧٨.٩٪ و کاتێک لە توالێت دێنە دەرەوە دەستەکانیان دەشۆن ڕێژەکەی زۆر بەرزە ٩٢.٤٪ بە پشتبەستن بە تیۆری پیاژێ دەتوانین ئەوە بڵێین کە شوشتنی دەست وەک ڕێسایەکی ئەخلاقی کە ئەنجامی ڕاشکاو و بینراوی هەیە، چونکە منداڵان بە ئاسانی تێدەگەن کە نەشوشتنی دەست ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی نەخۆشی. ئەمە وادەکات کە منداڵان زیاتر فێرببن کاتێک مامۆستا چالاکیە جۆراوجۆەکان بەکاردەهێنێت بۆ فێربوونی منداڵ، بۆ نموونە مامۆستا لە باخچە لە ڕێگەی چالاکیی دەستشوشتنەوە و ڤیدیۆ و گۆرانی باسی ئەوە بۆ منداڵان دەکات کە ئەگەر دەستان نەشۆن توشی نەخۆشی دەبن و نەخۆش دەکەون. لە بەرانبەردا، برگەکانی کۆکردنەوەی یاری و بە ئارامی لە ڕیز وەستان ڕێژەکەیان کەمترە بە بەراورد بەوانەی سەرەوە. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات منداڵان کەمتر ئەو کارانە دەکەن کە نازانن ئەگەر نەیکەن چی دەبێت. بە واتایەکی تر، منداڵان لەوە تێگیشتوون کە ئەگەر دەستان نەشۆن تووشی نەخۆشی دەبن، بەڵام ئەوە بۆ منداڵان ڕووننەکراوەتەوە کە ئەگەر بە ئارامی لە ڕیز نەوەستی یان یاریەکان کۆنەکیەوە چ دەبێت واتە لە گرنگیی ئەنجامدانی کارەکە و مانای بەهاکە تێنەگیشتوە، بۆیە ئەو تێگیشتنەی لا سازنەبووە وەک پێویست (علی اکبر، ٢٠٢٢: ٢٧٠-٢٧٧). بۆ ئەو مەبەستەش لێتوێژراوی (٢) کە باوانی یەکێک لە منداڵەکانە دەڵێت" ***یارەیەکانی هەڵناگرێتەوە کاتێک لەگەڵ براکەی یاری دەکات لەوێ بەجێدەێلی***". ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە منداڵان لە ماڵەوەش ئەو جۆرە تێگیشتەیان بۆ سازنەبووە. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بێت کە سوود لە یاریکردن وەرنەگیراوە وەک چالاکیەکی ناو پۆل بۆ فێربوونی منداڵان بە بەهای دیسپلین. چونکە دەکرێت منداڵان لەو ڕێگەیەوە چێژ وەربگرن و لە پاڵ ئەوەشدا فێری ئەوە ببن کە چۆن لە دوای تەواوکردنی یاری یاریەکانیان کۆبکەنەوە و لە شوێنی خۆیان دایبنێنەوە (الحضیف والحماد، ٢٠٢١). وێڕای ئەمەش، لێتوێژراوی (١) سەبارەت بە هەڵسوکەوتی منداڵەکەی دەڵێت" ***ئەرێ وەلا پێش نان خواردن دەستەکانی دەشوات، هەتا ئەگەر هاتە سەر سفرەی نان خواردن کە دانیشت دەڵێت(اللهم بارک لنا فیما رزقتنا وقنا عذاب النار) عەلەساس شوکری خودا دەکات دەڵێت الحمدلله، زۆر باشە بۆ ئەو شتانە***". ئەمە دەیسەلمێنێت کە منداڵان ئەو بەهایانەی

کە لە باخچە فێری دەبن دەیانگوازێتەوە ماڵەوە و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریاندەهێنن. لە ڕوانگەی دۆرکهایمەوە دیسپلین لە باخچەی منداڵانەوە دەستپێدەکات لە ڕێگەی پەروەردەی باخچە و یاسا و ڕێساکانەوە، کە یارمەتی منداڵەکە دەدەن فێری ئەو بەهایە ببێت بۆ باشترکردنی ژیانی خۆی و ئەوانی تر. دەکرێت بگوترێت کە وردە وردە ئەم ڕێسایانە دەبنە بەشێک لە کەسایەتیی منداڵ دواتر لە کۆمەڵگەدا بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکات، نەک لە ترسی سزا، بەڵکو خۆی باوەڕی پێیەتی. بۆیە ناوبراو پێی وایە دیسپلن تەنها ناچارکردن و سزادان و کۆنترۆڵکردنی منداڵ نیە، بەڵکو فێربوونی ڕێکخستنی تاک و تێگەیشتنە لە گرنگیی یاساکان و چێژوەرگرتنە لە ژیانی ڕێخراو و قەدرزانینی پێکەوەژیانی کۆمەڵاتیە (Boote, 2002: 324–325). کە بێگومان ئەمە نیشاندەری ئەوەیە پەروەردەی باخچە کاریگەریی درێژخایەنی هەبووە و منداڵەکە ئەم ڕەفتارانەی کردوەتە بەشێک لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بە شتێکی باشی دەزانێت. یەکێکی تر لە لێتوێژراوەی(٣) باس لە گرنگیی پەرەردەی باخچە دەکات کە بۆ ئەم مەبەستە پێی وایە ***"بەنسبەت باخچە ئەوەی باخچە هاوکار بووە سەرەتاکان دوو لیستیان دەناردەوە ماڵ کە بۆ نموونە، منداڵ کە دەگێڕێتەوە لە باخچە پێویستە دەستی بشوات یا پێویستە ڕۆژانە میوە بخوا تەماشای تیڤی نەکا و ئەوانە بە ڕاستی بۆ من زۆر هاوکاربوون"***. کەواتە دەکرێت ئەوە بڵێین ڕەنگە بەشێک لە دایک و باوکان هەموو کاتێک نازانن چۆن منداڵەکانیان لە ماڵەوە پەروەردە بکەن. بۆیە پێویستیان بە یارمەتی هەیە لە لایەن مامۆستاکانەوە کە ئەزموونیان زۆرترە لەگەڵ منداڵان. کاتێک باخچە ئەم یارمەتیە پێشکەشیان دەکات، ئەوا باوانی منداڵان دەتوانن لە ماڵەوە هەمان ئەو بەها ئەخلاقیانە یان ئەو ڕەفتارە باشانە بەردەوامی پێ بدەن کە منداڵ لە باخچە فێری دەبێت. ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە کاری پەروەردەکردن تەنها ئەرکی مامۆستا نیە، بەڵکو دایک و باوکیش دەبێت بەشداری بکەن. هەروەها باخچە تەنها بۆ ئەو کاتەی کە منداڵ لەوێیە کارناکات، بەڵکو بیر لە ژیانی تەواوی منداڵ دەکاتەوە. بەم شێوەیە منداڵ لە ماڵەوە و لە باخچەوە هەمان شتەکان فێردەبێت، کە ئەمەش باشترین ڕێگایە بۆ فێربوونی منداڵ، چونکە ئەگەر لە ماڵەوە شتێک بڵێین و لە باخچەوە شتێکی دیکە، منداڵ سەری لێ دەشێوێت و نازانێت کامیان ڕاستە.

### ٢.بەهای ئەخلاقیی خۆنەویستی لە لای منداڵانی باخچە

بۆ پێوانی بەهای ئەخلاقیی خۆنەویستی لە لای منداڵانی باخچە لەم توێژینەوەیەدا، تاقیکردنەوەی ( One Sample T.Test) بەکارهاتوە، کە نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە(641) کەس و لە ئەنجامدا هەوەک دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی(2.7441) بە لادانی پێوەری(.32446) و

(ناوەندی گریمانەیی=12). هەروەها نمرەی ئازاد (640). (ت= -722.253، P-Value= 0.00<0.05هەروەها بەهای(P-Value= 0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە(0.05)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە خۆنەویستی وەک بەهایەکی ئەخلاقی لە نێو منداڵانی باخچە هەیە. یاخود بە شێوەیەکی کرداری بەڵگەداری ئاماری لای نموونەی توێژینەوەکە هەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە(5 و 6 ).

| تاقیکردنەوەی خشتەی(5) تاقیکردنەوەی (One Sample T.Test) بۆ یەک نموونەی توێژینەوە. بۆ پێوانەکردنی بەهای ئەخلاقی خۆنەویستی لە لای منداڵانی باخچە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی گریمانەیی= 12 | | | | | |
| Sig. (2-talled) | نمرەی ئازاد | ت | لادانی پێوەری | ناوەند | ژمارەی نموونە |
| .000 | 640 | -722.253 | .32446 | 2.7441 | 641 |

| خشتەی ژمارە(6): بەهای ئەخلاقی خۆنەویستی لە لای منداڵانی باخچە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بڕگەکان | هەرگیز | هەندێک جار | هەمیشە | ناوەندی ژمێرەی |
| حەز دەکات شتەکانی وەک(خواردن، یاری، قەڵەم ڕەنگ...هتد) لەگەڵ هاورێکانی دابەش بکات. | 1.1 | 23.7 | 75.2 | 2.7410 |
| ڕێگە بە هاورێکانی دەدات کە یەکەم جار یاریەکان بەکاربهێنێت. | 3.0 | 37.6 | 59.4 | 2.5647 |
| حەز دەکات لەگەڵ هاورێکانی یاری بکات. | 1.6 | 15.3 | 83.2 | 2.8159 |
| ڕێگە بە هاورێکانی دەدات کە لە گەڵیان وێنە بکێشێت. | .8 | 17.8 | 81.4 | 2.8066 |

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە(٦)دەردەکەوێت کە بەشی زۆری منداڵانی باخچە خۆپەرست نین. واتە هەمیشە حەز دەکەن لەگەڵ هاورێکانیان یارییکەن و وێنەبکێشن و تیکەڵبن لەگەڵیان. لە هەر شەش بڕگەکاندا، زۆربەی منداڵان لە نێوان (٥٩.٤٪ تا ٨٣.٢٪) خۆپەرست نین. بۆ نموونە، ٧٥.٢٪ یاری و شتەکانیان لەگەڵ منداڵانی تر دابەش دەکەن، ٨٣.٢٪ حەز بە یاریکردن دەکەن لەگەڵ هاورێکانیان یان خوشک و براکانیان و ٨١.٤٥٪ ڕێگە بە هاورێکانیان دەدەن بۆ ئەوەی وێنەیان لەگەڵ بکێشن. تەنها بەشێکی زۆر کەم لە منداڵان ٠.٨٪ تا ٣.٠٪ هەرگیزە کە ئەمەش بە مانای ئەوەیە بەشێکی کەم لە منداڵان خۆپەرستن. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوەی کە لە قسەی باوانی منداڵانیش دیارە بۆ نموونە لێتوێژراوی(١) سەبارەت بە منداڵەکەی بۆ بەهای خۆنەویستی کە ئەوەم لێ پرسی منداڵەکەتان ئامادەیە شتەکانی لەگەڵ هاورێکانی یان خوشک و براکانی دابەش

بکات. بۆ ئەو مەبەستە گوتی: ***"ناوەڵا نایداتێ هەتا پێش دەرگا لەگەڵی دەچێت، هەتاوەکو توپەکەی خۆی لێ وەرنەگریتەوە وازی لێ ناهێنێ، ئەو شتەلای ئەو نیە کە یاری خۆی بداتە کەس".*** بە قسەی ئەم لێتوێژراور بێت کە منداڵەکیان، منداڵێکی زۆر خۆپەرستە و شتی خۆی ناداتە کەس. بە هەمان شێوەش لێتوێژراوی(٦) لەم بارەیەوە دەڵێت ***"ناوەڵا ئەوە شتی خۆی خۆشەوێ بە ڕاستی یەعنی یانی هەوڵ ئەداتن پێش ئەوەی کە میوان بێن هەندەک شتی هەر دەشاریتەوە یەعنی گرنگ نیە بە خۆش گەمەی پێ نەکا بەس گرنگە کە بیپارێزی بە ڕاستی زۆر شتی هەیە ئەشاریتەوە هەڵەگریتن بە خۆش دەرنایێ بۆ ئەوەی منداڵێکی دیکە ئیستیفادەی لێ نەکات بە ڕاستی، ناداتە کەس".*** لێتوێژراوی(٤) دەڵێت ***"بەخوای زۆر جار مەسەلەن ئەبینی توپێ خۆی هەیە ئەرێ وێت نادەمەوە بێ ئیشیش بێ ئەبینی مۆبایلیشی پێیە توپەکەشی لەلایە، ئەری ناتدەمەوە بەڵێ هەستەکەم ئەو نەوعە تەبعەی هەیە مەسەلەن کورسیەکی گچکەشی هەیە کە لەسەریشی دانەنیشی ڕازی نابێ براکەی لەسەر دابنیشی".*** وەک دیارە کە ئەو جۆرە بەهایە لای منداڵان وەک پێویست دروستنەبووە. وەک لە بەشێک لەو خشتەی سەرەوەشدا دیارە بۆ نموونە، لەو بڕگەی کە دەڵێت ڕێگە بە هاوڕێکەی دەدات یەکەم جار یاریەکە تاقیبکاتەوە ڕێژەکەی ٥٩.٤٪ کە ئەوەندە زۆر نیە. هەروەها ئەو ڕێژەی لە بڕگەکان هەیە یەکانگیر نیە لەگەڵ قسەی باوانی منداڵان. چونکە وەک دیارە منداڵەکان زۆر خۆپەرست و خۆویستن، ئەمەش وا دەکات منداڵ فێرنەبێت و گۆشەگیربێت، بە واتایەکی تر، لە ڕوانگەی دۆرکهیامەوە کاتێک منداڵان تێکەڵ دەبن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان و هاوتەمەنەکانیان ئەوا دەتوانن باشتر فێری بەهای ئەخلاقی بببن( Boote, 2002: 325-326). یەکێکی تر لە هۆکارەکان ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر نەبوونی پەیوەندیەکی یەکگرتوو لە نێوان پەروەردی خێزان و باخچە. بۆ نموونە، یەکێک لە باوانی منداڵەکان کە لێتوێژراوی(٢) دەڵێت ***"ئەوە ناکەم من بە منداڵەکەم ناڵێم شتی خۆت بدە بە منداڵانەکانی تر بۆ نموونە، میوانە یان هەر کەسێکی تربێت، حەز ناکەم فێرە ئەو شتانەبێ".*** وەک دیارە ئەو بەهایەنە لەناو خێزان فێری منداڵ ناکرێن وەک پێویست. لە لایەکی تریشەوە، ڕەنگە ژینگەی فێربوونی لاواز بووبێت بۆ ئەوەی وا لە منداڵ بکات گۆشەگیر و خۆویست نەبێت. هەر لەم بارەیەشەوە پیاژێ دەڵێت زۆر گرنگە منداڵ لە دوو سەرچاوەی جیاواز زانیاریەکان وەربگرێت یان فێربکرێت، بۆ نموونە لە نێوان باخچە و خێزان چونکە ئەمە وا لە منداڵ دەکات باشتر لە مانای بەها ئەخلاقیەکان تێبگات باشتر لە هزریدا بمێنێتەوە (Rahim and Rahiem, 2012) .

### ٣. بەهای ئەخلاقیی سەربەخۆیی لە تەمەنی باخچەی منداڵان

بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (One Sample T.Test) لەم توێژینەوەیەدا، بۆ زانینی ئاستی بەهای ئەخلاقیی سەربەخۆیی لە لای منداڵانی باخچەی منداڵان. کە نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە(641) لە ئەنجامدا وەک دیارە کە ناوەندی ژمێرەیی(2.8994) بە لادانی پێوەری(٠.٢٩٥٨٣) و (ناوەندی گریمانەیی= 8). هەروەها نمرەی ئازاد (640). (ت= 436.562-، *P-Value*= 0.00<0.05)هەروەها بەهای(*P-Value*= 0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە(0.05)، کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بەهای ئەخلاقیی سەربەخۆیی لەنێو منداڵان لە باخچەی منداڵان هەیە. یاخود بە شێوەیەکی کرداری بەڵگەداری ئاماریی لای نموونەی توێژینەوەکە هەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە(7 و 8 ).

| تاقیکردنەوەی خشتەی(7) تاقیکردنەوەی (One Sample T.Test) بۆ یەک نموونەی توێژینەوە. بۆ پێوانەکردنی بەهای ئەخلاقی سەربەخۆیی لە تەمەنی باخچەی منداڵان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی گریمانەیی= 8 | | | | | |
| قەبارەی نموونە | ناوەند | لادانی پێوەری | نرخی T | نمرەی ئازاد | Sig. (2-talled) |
| 641 | 2.8994 | .29583 | -436.562 | 640 | .000 |

| خشتەی ژمارە(8): بەهای ئەخلاقی سەربەخۆیی لە تەمەنی باخچەی منداڵان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| برگەکان | هەرگیز | هەندێک جار | هەمیشە | ناوەندی ژمێرەیی |
| دەتوانێ پێڵاوی خۆی لەبەر بکات. | 1.4 | 5.6 | 93.0 | 2.9158 |
| دەتوانێت خۆی خواردن بخوات. | 1.7 | 4.5 | 93.8 | 2.9204 |
| دەتوانێت خۆی وێنەکان ڕەنگ بکات. | 1.7 | 6.2 | 92.0 | 2.9033 |
| دەتوانێت ئەو یاریە هەڵبژێرێت کە حەزی لێیە. | 4.2 | 5.8 | 90.0 | 2.8580 |

خشتەی ژمارە (٨) لەسەر بەهای ئەخلاقی سەربەخۆیی لە منداڵانی تەمەنی باخچەی منداڵان ئەو ئەنجامەمان پیشاندەدات، کە زۆربەی وەڵامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵان بەهای سەربەخۆییان تێدایە. بۆ نموونە ئەو برگەی کە تایبەتە بەوەی کە منداڵان بە خۆی خواردن دەخوات بەرزترین ڕێژەی هەیە، ٩٣.٨٪ منداڵان هەمیشە بە خۆیان نان دەخۆن. کە بەشێکی کەمی

هەندێک جار و هەرگیز ناتوانن بە خۆیان نان بخۆن. لە برگەی دواتر کە تایبەتە بەوەی منداڵان دەتوانن بۆ خۆیان پێڵاوی خۆیان لەبەربکەن ڕێژەکەی ٩٣.٠٪ هەمیشە بۆ خۆیان پێڵاوی خۆیان لەبەردەکەن، بەشێکی کەمیان ناتوانن ئەو کارە ئەنجامبدەن. هەروەها ٩٢.٠٪ ی منداڵان هەمیشە دەتوانن وێنەکان بۆ خۆیان ڕەنگ بکەن و پشت بە خۆیان دەبەستن. سەبارەت بە برگەی چوارەمیش کە تایبەتە بە بەوەی، منداڵ توانای ئەوەی هەیە بە خۆی ئەو یاریە هەڵبژێرێت کە حەزی لێیەتی، نزمترین ڕێژەیەی وەرگرتوە ٩٠.٠٪ کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە پەرەپێدانی سەربەخۆیی و بڕیاردان لەلای منداڵاندا.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش لێتوێژراوی(٣) کە یەکێک لە باوانی منداڵەکان دەڵێت ***"بە خوا لە خواردنی خراپە مامۆستا، دایکی زۆر یارمەتی ئەدات بە خۆی ناخوات".*** کاتێک دایک و باوک ناهێڵن منداڵەکەیان بە خۆی نان بخوات و بەردەوام خۆیان خواردنی پێ ئەدەن، دەشێت ئەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەکردنی منداڵەکە دروستبکات. بۆ نموونە، منداڵەکە فێری ئەو توانایە گرنگانە نابێت کە بۆ ژیان پێویستن، وەک چۆن کەوچک بگرێت، چۆن بڕیاربدات کە حەزی لە چ خواردنێکە یاخود چەندی نان پێویستە. هەروەها متمانەی بە خۆی کەم دەبێت چونکە هەمیشە هەست دەکات ناتوانێت شتەکان بەتەنها بکات و پێویستی بە یارمەتیی کەسێکی تر هەیە. ئەمەش بۆ داهاتووی منداڵەکە خراپە، چونکە ئەگەر هەر وا بەردەوام بێت کە گەورەش دەبێ ناتوانێ کارەکانی بەخۆی ئەنجامبدات، هەمیشە چاوی لە دەستی کەسانی ترە سەربەخۆ نابێ. زیاتر لەمەش لێتوێژراوی (١) باس لە خاڵێکی تر دەکات سەبارەت بەوەی کە منداڵ بەخۆی خواردن بخوات باشترە نەوەک کەسێکی تر خواردنی پێ بدات لەم بارەیەوە دەڵێت: ***"وەڵا هەر بەخۆی من فێرم کردوە کە بەخۆی خواردن بخوات، چونکە قەناعاتی ئاوا زیاتر دێت من هەست بەوە دەکەم کە باشتریش نان دەخوات، هەرچەندە زۆریش خۆی پیس دەکات لە کاتی نان خواردن بەس من هەر پێم باشە خۆی خواردن بخوات"*** منداڵ کاتێک بە خۆی خواردن دەخوات زیاتر چێژ لە خواردنەکە وەردەگرێت. بەڵام ئەگەر دایکی و باوکی یان کەسێکی تر خواردنی بداتێ ئەوا منداڵەکە جۆرەک لە فشار دەکات، کە دەبێت زوو خواردن نان بخوات زوو بجوێت و قووتی بدات تا خواردنی دیکە بخوات بێگومان ئەمەش وا لە منداڵەکە دەکات کە چێژی لە خواردنەکە وەرنەگرێت. بۆیە گرنگە کە باوانی منداڵەکان هاوکاربن هانی منداڵەکانیان بدەن لەگەڵ باخچەی منداڵان بۆ ئەوەی باشتر منداڵان فێری ئەوەببن، چۆن سەربەخۆبن لە ژیانیان و پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن خۆیان کارەکانی خۆیان ئەنجامبدەن. ئەوەش هاوڕایە لەگەڵ ئەو توێژینەوەی لەسەر شیکردنەوەی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان، باس لەوە دەکات هاندان لە ڕێگەی مامۆستا یان دایبابانەوە بێت زۆر گرنگە بۆ منداڵ. چونکە کاتێک منداڵ هاندەدرێت بۆ نموونە، پێی دەڵێی تۆ زیرەکی تۆ ئازای تۆ دەتوانی بە خۆت خواردن بخۆی و میوەکە پاکبکەیتەوە. هەستێکی خۆشی لا ساز دەبێت، ترس و شەرمی کەمتر دەبێتەوە. وای لێ دەکات کە بە خۆی کارەکە ئەنجام بدات

و متمانەی بەخۆی بێت (فهد بن صاحل الضيف ، ريا بنث عبد اهلل احلواد: ٢٠٢١). لەم بارەیەوە لێتوێژراوی (٥) دەڵێت ***"ئێ چونکە ئەگەر تۆ هەموو شتێکت بۆ منداڵ کرد و بۆت ئاسان کرد یان بۆت کرد یاعنی تەمبەلیەک دروستەبێت بۆ ئەو کەسە کە دەڵێتن من هەموو شتم حازرە هەموو شتم بۆ دەکرێت ئێ یاعنی فێرە شتێک نابێ بۆ خۆی هەوڵ نادات ئێ ئەوە باشە کە هندێک شت بۆی بەجێبێڵین تا لە دوارۆژ بەدەستهێنان و سەربەخۆبێت و دەبێ بەخۆ هەوڵ بداتن بەدەستی بێنێت"***. بە پێی ئەم قسەی ئەم لێتوێژراوەبێت نابێت دایک و باوک زیادەڕۆیی بکەن لە یارمەتیدانی منداڵەکانیان. کاتێک دایک و باوک یان مامۆستا هەموو شتێک بۆ منداڵ ئاسان دەکەن و هەموو کارەکانیان بۆ دەکەن، ئەمە وادەکات منداڵەکە تەمبەڵ بێت و پشت بە خەڵکی تر ببەستێت. منداڵەکە فێردەبێت کە هەموو شتێکم لەبەر دەستدایە و حازرە، هەموو شتێکی بۆ دەکرێت. لەم کاتەدا بۆ خۆی هەوڵنادات خۆی شتەکان فێربێت یان تاقیبکاتەوە. لەبەر ئەوە، باشترە هەندێک شت بۆ منداڵ بەجێبهێڵدرێت تا خۆی بیکات، تەنانەت ئەگەر سەختیشی هەبێت، چونکە ئەمە فێری دەکات چۆن هەوڵبدات، چۆن سەبربگرت و بە دەستی خۆی شتەکان بەدەستبهێنێت. ئەمەش یارمەتیدەدات ببێتە کەسێکی سەربەخۆ و متمانەی بە توانای خۆی هەبێت، نەک کەسێک هەمیشە چاوەڕێی یارمەتیی کەسانی تر بکات. لەم بارەیەوە تیۆری لیکۆنا باس لە گرنگیی هەماهەنگی نێوان مامۆستایان، دایک و باوکان دەکاتەو، ناوبراو باس لەوە دەکات کە سەربەخۆیی تەنها کارە فیزیکیەکانی وەک نان بخوات، جلوبەرگ لەبەربکات ناگرێتەوە بەڵکو توانای بڕیاردان و هەڵبژاردنی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە منداڵەکەوە هەیە، ئەمانەش دەگرێتەوە. بۆیە گرنگە هەمووان پێکەوە کاربکەن تاکو منداڵ لە هەردوو لایەنەوە سەربەخۆ بێت و پشت بەخۆی ببەستێت(Rukiyati, Siswoyo and Hendrowibowo, 2020).

### دەرئەنجامی توێژینەوە

بەها ئەخلاقیەکان یەکێکن لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، کە بە پێکهێنەری سەرەکی کۆمەڵگە و کەسایەتیی مرۆڤ دادەنرێت. بەها ئەخلاقیەکان گرنگیەکی بێئەندازەیان هەیە بۆ تاک و کۆمەڵگە، هەروەها کاریگەریی بەرچاویان لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ و سەقامگیریی کۆمەڵگە هەیە، بە تایبەت لەسەر ڕەفتاری و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان. وێڕای ئەمەش دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان بە گشتی و بە تایبەت بەهای (دیسپلین، خۆنەویستی، سەربەخۆی). لە ئەنجامەی ڕاپرسی قوتابیان و قسەی دایک و باوکەکان بۆ بەهای ئەخلاقی دیسپلین ئەوەمان بۆ دەردەخات کە منداڵان ئەو تێگیشتنەیان لا سازبووە کە چۆن لە باخچە و لەماڵەوەش فێری ئەو بەهایە ببن بۆ نموونە، لە پێش نان خواردن و دوای تەواوبوونیان لە تەوالێت دەستەکانیان بشۆن، لە دوای تەواوبوونی یاری

یاریەکانیان کۆبکەنەوە، هەروەها بە ئارامی کە ڕیزبوەستن. بەڵام ڕێژەی هەندێک بڕگەی وەک دەستشوشتن زیاترەبووە بە بەراورد بەو بڕگانەی کە تایبەت بوون بە کۆکردنەوەی یاری و بە ئارامی وەستان لە ڕیز. کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێک لەم بڕگانەی ڕێژەیان بەرزە بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵان، بە  پێچەوانەوە ئەو بڕگانەی ڕێژەیان نزم بووە هێشتا ئەو تێگەیشتنە لای منداڵەکان سازنەبووە.

بەڵام لە بەهای خۆنەویستی و سەربەخۆییدا، ئەنجامەکانی ڕاپرسی لەنێو منداڵان لە هەردوو بەهاکان ئەوەمان پێدەڵێن کە منداڵان خۆپەرست نین، واتە حەز دەکەن شتەکانیان لەگەڵ خوشک و براکانیان و هاوڕێکانیان بەشبکەن، بەڵام ئەوەی تێبینیش کراوە لە قسەی دایک و باوکان منداڵەکانیان ئەو جۆرە تێگیشتنەیان لا سازنەبووە بە پێچەوانەی ڕاپرسیەکە منداڵان نایانەوێ شتەکانیان لەگەڵ کەس بەشبکەن و لەگەڵ کەسیش یاری ناکەن، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە منداڵان لە باخچە ڕەنگە لە ترسی مامۆستا شتەکانیان دابەش بکەن لەگەڵ هاوڕێکانیان هەر لەبەر ئەمەشە ئەو تێگیشتنەیان لا دروست نەبووە، کە لەماڵەوەش وابن. لەگەڵ ئەوەشدا لە بەهای ئەخلاقی سەربەخۆییشدا بە هەمان شێوە لەو ڕاپرسیەی ئەنجامدراوە لەنێو منداڵان دەرکەوتوە منداڵان سەربەخۆن، واتە بەخۆیان پێڵاویان لەبەر دەکەن، نان دەخۆن و بۆ هەموو شتێک پشت بەخۆیان دەبەستن. بەڵام وەک لە قسەی دایک و باوکان دیارە منداڵەکانیان زیاتر پشت بە باوانیان دەبەستن بۆ نموونە، بەشێک لە منداڵان ناتوانن بە خۆیان نان بخۆن و میوە پاکبکەنەوە. هەندێکی تریش دایک و باوکەکان بە خۆیان ناهێڵن منداڵەکانیان سەربەخۆبن لە ژیانی ڕۆژانەیان و پشت بەخۆیان ببەستن، ئەوان هاوکار نین لەگەڵ باخچە لەو لایەنە کە یارمەتیی منداڵان بدەن و هانی منداڵەکانیان بدەن بۆ خۆیان کارەکانیان ئەنجامبدەن. چونکە زۆر گرنگە کە دایک و باوک هاوکاربێت لەگەڵ باخچە بۆ ئەوەی منداڵ لە دوو ژینگەی جیاواز هەمان بەها فێربکرێت و هان بدرێت بۆ ئەوەی باشتر فێرببێت و لە مانای تێبگات.

**پێشنیازەکان**

١.ئەنجامدانی سمیناری جۆراوجۆر سەبارەت بە بەها ئەخلاقیەکان بۆ باوانی منداڵان تاوەکو ئەوانیش هاوکاری مامۆستاکان بن لە پەروەردەکردنی منداڵان.

٢.ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر گرنگیی هاوکاریی نێوان خێزان و باخچە لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکاندا.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

ئاری ئاغۆک(٢٠٢١)*ئینسکلۆپیدیای قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر(پەروەردەی ناوەندی هەولێر ١٩٢١-٢٠٢٠)*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوار چرا.

ئاری ئاغۆک(٢٠٢٢) *ئینسکلۆپیدیای قوتابخانەکانی پارێزگای هەولێر (پەروەردەی سۆران)*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوار چرا.

تیم دیلانی(٢٠١٦) *تیۆرییە کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی*. و: خالید شێخی، چاپی یەکەم، سەقز، پێشانگای بیریار.

ریمۆن ئارۆن(٢٠١٢) *قۆناغە بنەماییەکانی هزر لە کۆمەڵناسیدا*. و: عبداللە رەسولی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

سابیر بۆکانی(٢٠٢٠) *میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی*. چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا

د. علی اکبر سیف(٢٠٢٢) *دەروونناسیی پەروەردەیی*. و: محمد ناسر مستەفا، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی تاران.

د. گێلاس عەبدوڵڵا ئیسماعیل و پ.ی.د. ئەحمەد عەلی بابان(٢٠٢٢)*بەها ئەخلاقییەکان و پەروەردەی منداڵ*. چاپی یەکەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان.

د. محمود شارعپور(٢٠٢٣) *کۆمەڵناسی پەروەردە*. و:سوارە سەباح، چاپی یەکەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون.

پ.ی.د. طاهر حسۆ زێباری(٢٠١٨) *رێبازەکانی توێژینەوەت زانستی لە کۆمەڵناسیدا*. و: شەهلا وەلی جەبار، چاپی یەکەم، هەولێر، لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانە گشتیەکان-هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای تەفسیر.

### دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

الحضيف، فهد بن صالح والحماد، ريا بنت عبد الله (٢٠٢١). دور رياض الأطفال في غرس القيم الأخلاقية من خلال اللعب التربوي من وجهة نظر المعلمات في منطقة القصيم التعليمية. المجلة العلمية لكلية التربية – جامعة أسيوط، ٣٧(١٢)، ص ٢٢٢-٢٥٦.

براهيم، ياسمين طه. (٢٠١٩). تقويم السلوك الإيثاري لأطفال الرياض من وجهة نظر أمهاتهم ومعلماتهم. مجلة كلية التربية للبنات، الجامعة المستنصرية، المجلد ٣٠، العدد ١، ص ١٥٣.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

Al-Hooli, A. and Al-Shammari, Z. (2009). Teaching and learning moral values through kindergarten curriculum. Education, 129(3), pp.382-399.

Boote, D.N. (2002). Durkheim's Naturalistic Moral Education: Pluralism, Social Change, and Autonomy. Philosophy of Education Archive, pp.319-327.

Boyce, G.C. (1969). The Effect of Nursery School Experience Upon Readiness of Children in Kindergarten.

Bryant, D.M. and Clifford, R.M. (1992). 150 years of kindergarten: How far have we come? Early Childhood Research Quarterly, 7(2), pp.147-154.

Chan, C.W. (2020). Moral education in Hong Kong kindergartens: An analysis of the preschool curriculum guides. Global Studies of Childhood, 10(2), pp.156-169.

Creswell, J.W. (2009). Research design: Qualitative, quantitative, and mixed methods approach (3rd ed.). SAGE Publications. [270 pages]. ISBN: 978-1-4129-6556-9.

Hazarika, J. (2019). SPSS as a means for Scientific Analysis in Social Science Research. International Journal of Innovative Technology and Exploring Engineering (IJITEE), 8(12), 2043-2045.

Heydon, R.M. and Wang, P. (2006). Curricular ethics in early childhood education programming: A challenge to the Ontario kindergarten program. McGill Journal of Education/Revue des sciences de l'éducation de McGill, 41(1).

Linkiewich, D., Martinovich, V.V., Rinaldi, C.M., Howe, N. and Gokiert, R. (2021). Parental autonomy support in relation to preschool aged children's behavior: Examining positive guidance, negative control, and responsiveness. Clinical child psychology and psychiatry, 26(3), pp.810-822.

Lockwood, J.H. (1994). Snarks: Durkheim's Search for a Unifying Morality.

Neuman, W. Lawrence (2014). Social Research Methods: Qualitative and Quantitative Approaches. 7th edn. Pearson New International Edition. Harlow: Pearson Education Limited.

Pande, D. (2016). A Study of Altruistic Behavior of Pupil-Teachers and Their Attitude Towards Environment. International Education & Research Journal, 2, 12.

Qosimov, K., Bekkulov, B. and Qayumov, U. (2023). Development of a modern pneumatic dryer and prospects for its solar-type working principle. journal of innovations in scientific and educational research, 6(3), pp.200-205.

Rahim, H. and Rahiem, M.D.H. (2012). The use of stories as moral education for young children. International Journal of Social Science and Humanity, 2(6), p.454.

Rana, J., Gutierrez, P.L.L. and Oldroyd, J.C. (2021). 'Quantitative Methods', in Farazmand, A. (ed.) Global Encyclopedia of Public Administration, Public Policy, and Governance. Cham: Springer Nature Switzerland AG. doi: 10.1007/978-3-319-31816-5_460-1.

Rukiyati, R., Siswoyo, D., Hendrowibowo, L., Yogyakarta, N. and Java, C. (2020). Moral education of kindergarten children in rural areas: a case study in Indonesia. International Journal of Innovation, Creativity and Change. www. ijicc. net, 14(3), pp.1278-1293.

Sakr, M. and Kaur, V. (2024). Re-imagining the Froebelian influence on early childhood education as a dynamic and ever-changing web of encounter. Pedagogy, Culture & Society, 32(4), pp.923-940.

Sürücü, L. and Maslakci, A. (2020). Validity and reliability in quantitative research. Business & Management Studies: An International Journal, 8(3), pp.2694-2726.

Vaismoradi, M., Jones, J., Turunen, H. and Snelgrove, S. (2016). Theme development in qualitative content analysis and thematic analysis. Journal of Nursing Education and Practice, 6(5), pp. 100-110.

پاشکۆی ژمارە(١) ناوی پسپۆران بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی(Validity)

1. د. سمیە سعید خالید، کۆمەڵناسی، زانکۆی دهۆک.
2. پ.ی.د. آزاد حکیم رضا، دەرونزانی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
3. پ.ی.د. دیار محی الدین صادق، دەرونزانی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
4. د. روخسار محمد عمر، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، زانکۆی ڕاپەڕین.
5. د. ڕێباز جلال محمود، کۆمەڵناسی، زانکۆی سۆران.
6. د. یاسین حسێن مامند، کۆمەڵناسی پەروەردە، زانکۆی سۆران.
7. د. سۆران حمەامین احمد، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، زانکۆی سلێمانی.
8. پ.ی.د. سێبەر ڕزگار ڕزاق، ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی، زانکۆی کۆیە.
9. پ.ی.د. عادل محمد نوری، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، زانکۆی سلێمانی.
10. پ.ی.د. بان صباح یحیی، دەرونزانی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
11. پ.ی.د. افراح یاسین دەباخ، تەکنەلۆژیایی پەروەردەی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەددین.
12. د. عدنان فریق شاهین، کۆمەڵناسی، زانکۆی دهۆک.
13. پ.ی.د. هەژار قادر ابراهیم، پێوانە و هەڵسەنگاندن، زانکۆی ڕاپەڕین.
14. م. باخان بختیار امین، ڕێنمایی پەروەردەیی، زانکۆی کۆیە.
15. م. هاژە طە محمد، دەرونزانی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

الملخص باللغة العربية:

الدور التربوي لرياض الاطفال في غرس القيم الاخلاقية : روضة سوران أنموذجاً


يهدف هذا البحث إلى التعرف على مستوى غرس القيم الأخلاقية (الانضباط، التواضع، الاستقلالية) ورؤية الآباء حول غرس هذه القيم لدى أبنائهم. وقد تم توظيف نظرية إميل دوركهايم لتحليل هذه القضية. اعتمدت الدراسة منهجا مختلطا (Mixed Methods) في جمع البيانات، باستخدام أسلوبين كمي ونوعي، من خلال الاستبيانات والمقابلات.

تم تحليل البيانات الكمية باستخدام برنامج(SPSS) ، بينما جرى تحليل البيانات النوعية من خلال التحليل الموضوعي للنصوص. أظهرت النتائج أن (٧٨,٠٪ – ٩٢,٧٪) من الأطفال يغسلون أيديهم دائما ويتبعون قواعد الروضة ويلتزمون بها. ويعد ذلك مؤشرا على نجاح الروضات في غرس القيمة الأخلاقية للانضباط وانعكاسها على سلوك الأطفال.

أما فيما يتعلق بالقيمة الأخلاقية للتواضع، فقد تبين أن الأطفال يظهرون ميلا للعب والرسم والتفاعل مع أصدقائهم، في حين أن معظمهم (٥٩,٤٪ – ٨٣,٢٪) ليسوا أنانيين. كما أظهرت النتائج أن (٩٠,٠٪ – ٩٣,٥٪) من الأطفال يتمتعون باستقلالية نسبية، حيث يديرون شؤونهم ويعتمدون على أنفسهم في مواقف عديدة.

وبناء على نتائج الاستطلاع، يمكن القول إن مفهوما أوليا لهذه القيم الأخلاقية الثلاث قد تكون وتطور لدى الأطفال. غير أن وجهات نظر الآباء تكشف بعض التباينات؛ إذ يرون أن أبناءهم ملتزمون بالانضباط من خلال غسل الأيدي والاهتمام بالنظافة، لكنهم لا يجمعون ألعابهم بعد الانتهاء من اللعب. وفيما يتعلق بالتواضع، يعتقد الآباء أن أبناءهم لا يميلون إلى مشاركة أغراضهم وألعابهم مع الآخرين. أما فيما يخص الاستقلالية، فيرون أن أبناءهم يعتمدون عليهم في إنجاز أعمالهم اليومية، ما يدل على محدودية استقلاليتهم الفعلية.


الكلمات المفتاحية: التربية، رياض الأطفال، القيم الأخلاقية، الانضباط، التواضع، الاستقلالية.